# وەڵامی (بەرنامەی بێدارانی شەو) دەلاقەیەک بۆ بەتاڵکردنەوەی گرێ دەرونیەکان...؟!

کۆمەڵی کوردەواری زۆرجار بەهەڵە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان تێ ئەگەن، زۆرجار ئەبێتە مایەی سەرسوڕمانو چەندەها گرێ کوێرە دروست ئەبێت، جا پێویستە ئەم پەیوەندیانە بەشێوەیەکی سنوردارو بێ کێشە دروست بێت ئێستا لەڕێی موبایلەوە چەندەها کێشە رووی داوەو چەندەهای تریش بەشێوەیەکی گونجاو چارەسەر کراوە، جا پێویستە ئێمە هەر هەموومان لایەنە چاکەکەی بگرین، چونکە ئێمە ئێستا ئازادیەکی بەربڵاومان بەدەست هێناوە، پێویستە هەروەکو جەرگو بیلبیلەی چاومان پارێزگاری لێ بکەین، ئیتر هەریەکە لەڕێی کارەکەی خۆیەوە ئەتوانێت دەست بەکاربێت بەپێی تواناو لێهاتوویی خۆی.

کاك ئیدریس کە بێژەری رادیۆی گەلی کوردستانە (p.u.k) بەرنامەی بێدارانی شەو ئامادەو پێشکەش ئەکات، ئەم بەڕێزە وەکو من ئاگادارم بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو کێشەی زۆری چارەسەر کردووەو لەتوانای خۆی بەدەر، من خۆم لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم برا بەڕێزەم کە چەندە ماندووە وە زۆر هەوڵی نەمانی ناخۆشی ئەدات، پێیەکی لەسلێمانیو پێیەکی لەچوارتایە، خۆی بەرنامەکە ١,٣٠ کاتژمێرو نیوێکە، بەڵام ئەم کوڕە ٢٠ کاتژمێر لەهەوڵی چارەسەری کێشەی ئەو کەسانەیە کە پەیوەندی بەم بەرنامەیەوە ئەکەن و پێیان ئەوترێت (هاوڕێی بەرنامە).

من خۆم وەکو رۆژنامەنوسێك رۆژی هەزاران کێشە دێتە بەردەمم بەپێی توانا ئێمە بەدواداچونمان بۆ کردووە، چەند جارێك لەڕێی تەلەفونو بینینەوە خەڵکی تەلەفونیان بۆ کردووم باس لەبەرنامەکانی رادیۆکانی هەرێمی کوردستان ئەکەن بەخۆشیو ناخۆشیەکانیەوە، رۆژێك چەند ژنێك هاتنە لام، هەریەکەو باسی لەکێشەیەك کرد، هەر لەنەوتو بەنزینەوە تا کێشەی ژنو مێردایەتی، بۆ نمونە ژنێك وتی مێردەکەم زۆر خراپە لەگەڵم، ئەو وتی پەیوەندی ئەکات بەبەرنامەی سۆزو هاوسەرانو بێدارانو..هتد، منیش زۆر گوێم لێڕاگرتن، ئەوەی مەبەستمە لێرەدا باسی لێوە بکەم، ژنێك وتی من مێردەکەم تا نیوەشەو بەدەنگی بەرز رادیۆ ئەگرێتو تەلەفون ئەکات بۆ ئەمو ئەو، یا تەلەفونی بۆ ئەکەن، لەکاتێکدا کە کچەکەم لەپۆلی سێی ناوەندییەو گەورەیە کە پێی ئەڵێن کەمێك کزی بکە بەو نیوەشەوە ئەیکاتە شەرو فەرتەنەو هەرا، ئیتر ژیانی لێ تاڵ کردوین، نازانم پەنا بۆ کوێ بەرم. منیش لێرەدا بەڕێز مەستورە خانم ناسی لێی پرسیم، ئەو کێشانە چییە؟ کە بۆم باس کرد هی ئەوانی ترو ئەمیش وتی من خۆم دەمێکە ئەمەوێت لەسەر (بێدارانی شەو) بنووسم، ئیتر قسەی ئەم ژنە کە کچی گەورەی هەیە تازەلێدانو دەرکردن روو ئەدات، ئەم بێژەرە بەڕێزە زۆر لەسەر ڕێگای پەیوەندی خۆشەویستی ژنو مێرد جەسورەو ماندووە.. بەڵام ئەم بەرنامەیە نازانێت کە لەدەرەوەی بەرنامەکە چی روو ئەدات، خۆ کەس ئاگای لەماڵی کەس نیە، من لێرەدا ئەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە بەهیچ جۆرێك ژیان بێ کێشە نابێت، خۆ ئەگەر بیست تا بیستو پێنج کەس بچنە شوێنێك کاکڵەی قسەکان لەیەکێك وەرئەگیرێت، ئیدی خۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو کەسە خاوەنی ئەو مەوزوعەیە.

دووبارەو سێ بارە رێزو خۆشەویستیم بۆ برای گەورەم کاکە ئیدریسی خۆشەویستی، وە رێزم بۆ مەستورە خان، با ئیتر کەس بنێشت بەو مەوزوعەوە نەجوێت، چونکە بابزانن هەرگیز لەهیچ شوێنێك رۆژنامەیەك، ناوی کەس ناهێنرێت، تکام وایە کەس بەهەڵە لەشت تێ نەگات، جوان بابەتەکە هەڵسەنگێنە ئینجا خۆت تورە بکە.هەرگیز مرۆڤی رۆشنبیری تورە نابێت، تا ناوەڕۆکی بابەتەکەی بۆ روون نەبێتەوە. لەکۆتاییدا سڵاو بۆ کاك ئیدریسو سڵاو بۆ رێوانو مەستورە خان.

**سەرگوڵ نەجمەدین**

# چیتر بە مۆنیکاو پاترۆڵەکانتان سوکایەتیمان پێمەکەن



هاورێیەکم ووتی "بە حوکمی ئیشەکەم ئێوارە درەنگ گەیشتمە وێستگەی پاسەکە، مۆنیکایەك لە بەرانبەرم وەستا، پاش ماوەیەك ئەو لەو بەرەوە دەیوت دە باڵابەرز سەرکەوە منیش لە پەستیا نەمدەزانی بڵێم چی، دڵنیاشم ئەوانەی لەوێستگەی پاسەکە بوون بە گومانەوە سەیری منیان دەکرد، نەمدەزانی چی بکەم ئەو ساتە پر سوکایە تیانە وەسف ناکرێت"، لەم شاری روناکبیری و هونەرەدا کەسانێك داهێنانەکانیان تایبەتە بە سوکایەتی کردن بەبەرامبەر، کارێکی ئێجگار سەیرە پیاوێك ماسکەکەی دەپۆشێت خۆی بە دنیا ناگۆرێتەوە لەبەردەم خەڵکدا، بەڵام کە هەر خۆیەتی لە هەلی ئەوەدایە سوکایەتی بە ئافرەتێك بکات. خانمێکی تر "ووتی ئێمە خوێندکاری زانکۆین هەموو کەس دەزانێت کە ئێواران لە بەردەم زانکۆدا چاوەرێی تاکسیەکانمان دەکەین، ئێوارەیەك تاکسیەکەمان درەنگ کەوت سەیارەیەك لەوبەرەوە وەستا بوو زوو زوو هاواری بۆمان دەکردو دەیوت دە سەرکەون میوانی ئێمە بن، ئێمەش لەمبەرەوە هاوارمان بۆ کردەوەو جنێومان پێدا، ئینجا رۆیشت"، بیگومان ئەو کەسانەی وا دەکەن کەسانێکی درۆزنن و لە زۆر روەوە بۆشاییان هەیە، ئەو رەفتارە تەنها گەنجەکان نایکەن وەك هەمیشە دەوترێت، بەڵکو کەسانێك هەن کە خاوەن کەسایەتی و پلەو پایەن و تەمەنیشیان هەیە و باری داراییشیان باشە، تەنها پێویستی یان ئەوەیە جڵەو بۆ گرێ دەروونیەکانیان شل بکەن و وەك خۆیان دەڵێن کورێنی بکەن، بەڵام نازانن ئەو بەد رەفتارییەی ئەوان چ سوکایەتی و بێکەرامەتی کردنێکە بە ئافرەتانێك کەهیچ دورنیە لە کۆرو موحازەرە کارتۆنیەکانیاندا باس لە مافەکانیان بکەن، ئەوانەی بەو شێوەیە سوکایەتی بە ئافرەتان دەکەن زۆرینەیان خاوەن سەیارە گران بە هاکانن، ئەوانەن کە ئەگەر رێکەوتە ناوازەکانی حزب و قۆرخ کردنی پاروی میللەت و دواجاریش نەگبەتی میللەت نەبوایە، لە کوێ دەیانزانی دەرگای سەیارە بکەنەوە، ئەو سەیارانەی ئێستا کردویانەتە سەنگەری سوکایەتی پێکردن، ئەو ئازارو بێکەرامتیەیەی ئەوان بەژنی دەکەن، هەموو ووشەو وەسف کردنێك لە ئاستیدا ناکامە، کەسێکیش ئەوەی بەسەر نەیەت ناتوانێت هەست بەو ئازارە دەروونیەکەی بکات، ژنێك" ووتی بە تەنیا لە وێستگەی پاسەکە وەستا بووم لە دورەوە پاترۆڵێك لایتی لێداو سەلامی بۆ کردم، منیش سەلامم کردەوە، وام زانی ناسیاوە، نزیك بووەوە لێم و دەرگاکەی کردەوە و ووتی سەرکەوە با پیاسەیەك بکەین ،لە ئازارو تورەییدا هیچم بۆ نەوترا" نەفرەت بێت، لە دەسەڵات و سستمێك کە کەسانێك وا دەست واڵا بکات سەرەڕای یاری کردن بە داهات و چارەنوسی میللەتێك بیانەوێت کەرامەتیشی پێشێل بکەن، نەفرەت بێت لە دەسەڵات و سستمێك کە هاوڵاتی وا سەرقاڵ کردوە بە دەستەبەر کردنی پێداویستی یە سەرەتاییەکانی ژیان وایلێهاتوە کە ئەو سوکایەتیەو چەندەها جۆری تری سوکایەتی لە بیر بکات، ئەوانە گەر خاوەن دەسەڵات و سەرمایە نەبن چۆن دەتوانن وا ملهوڕانەو بە سەیارەی گران ئەو رەفتارانە بکەن و خەڵك بە کەمتر لە خۆیان بزانن. قەوانی هۆشیار کردنەوەو چاکسازی کۆمەڵایەتی دادی ئەم حاڵەتە نادات، کاتی ئەوە هاتووە ژنان جەسورانە ژمارەی ئەو سەیارانە بڵاو بکەنەوە و ئەو ماسکە لەرووی ئەو کەسانە هەڵبماڵن کە بۆ هەر بۆنەیەك ماسکێکی ئامادە کراویان لە گیرفاندایە .

**کوردستان**

# کچان خۆیان دەدەنە دەست قەدەرو چارەنووس

ژنان لەئەمرۆدا بەلایەنی کەمەوە گەلێك کورتە مافی سەرەتایی لەلایەن کۆمەڵگەی کوردی و خێزانەوە پێ بەخشراوە، گەر بڵێین مافێك کە لەلایەن پیاوەوە بدرێت زوو لێی ئەسێندرێتەوە، بەڵام دەتوانین واش بکەین کە خۆمان ئەو کەسە بین کە کەسێکی تر کە لە جێندەری مێینەبێت لەئەرك و مافەکانی بێبەشی بکەین، نمونەش بۆ ئەوە شوکردنی سەربەهەوێیە، کە تاڕادەیەك پیاوان لەهەمبەر ئەم دیاردەیەدا کەم تاوانبارترن، چونکە کچێك کاتێك دەزانێت دەبێتە خێزانی کەسێك کە خێزانێکی تری هەیە، ئەم کچە خۆی زەرەرمەند دەبێت و لەڕویەکی تروە ناتوانێت بیر لەداهاتووی خۆی و ئەو ژنەش بکاتەوە کە غەدرێکی لەو جۆرەی لێکراوە، ژن بەشێوەیەکی گشتی بەڕادەیەکی زۆر لەژیانی هاوسەرێتیدا هەست بەهەبوونی قەڵایەك دەکات کە مێردەکەیەتی و لەزۆر کاتدا پەنای بۆ دەبات، حەز ناکات ژنێکی تر بەم شێوەیە بەرامبەر بەمێردەکەی بیربکاتەوە، چۆن پیاوێك نایەوێت جگە لەخۆی کەسێکی تر بیر لەژنەکەی بکاتەوە، ڕەنگە بۆمان گران بێت کاتێك دەبیستین کە ژنێك تەڵاقدراوە لەبەر ئەوەی هەوێی پێ قبوڵنەکراوە، لەبەر ئەوە زۆرترینی ئەو شتانەی ژن بیری لێدەکاتەوە، زانینی تێڕوانینی پیاوە سەبارەت بەئافرەتانی تر ئەم وتەیە دەرکای ئەو باسەمان بۆ واڵا دەکات کە ئەمڕۆ زۆرینەی ئافرەتان بەرامبەر بەیەکتری بەشێوەیەکی خۆپەرستیو نەرجسیەت مامەڵە دەکەن، کاتێک ژنێک شوو دەکات بە پیاوێک کە خاوەنی ماڵو منداڵەو ئافرەتێکی تر دەیەوێت ببێتە ژنی دووەمی، لەئەنجامیشدا دەبێتە کەسێك کەوابکات ئەو دایکە لەمنداڵەکانی جودا بکاتەوە.

بەداخەوە بۆژنە مافپەروەرو ڕۆشنبیرەکانی ئەمڕۆ کە ئەوان هەوڵیان داوە کەیەکێك بن لەو جۆرە ئافرەتانە، کە پێم وابێت هیچ کات ناتوانین چارەسەری ئەم کێشەو دیاردەیە بکەین، چونکە ئەوانەی کە هەوڵی چارەسەر کردن و بنبڕکردنی ئەدەن خۆیان بکەری ئەو کارەن، ڕەنگە ئەمە بەلای زۆرینەمانەوە شتێکی ئاسایی بێت کە مێردەکەی ژنێکی تربهێنێت، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی چاولێکەری لەلایەن ئافرەتانی ترەوە.

دەسەڵات ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەر گەنجان گران کردووە، کە زۆرینەی کوڕان بێهیوابوون لەهەمبەر ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەدا کە بەم شێوەیەش کچان هەڵدەستن بەقبوڵکردنی شوکردنی سەر بەهەوێ بۆئەوەی کە ترسی مانەوەو قەیرەبوون لەخۆی چاوەروان نەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ گەنج بەشێوەیەکی گشتی بەهەردوو جێندەرەوە ڕەشبینە بەرامبەر بەداهاتووی، کەبیری ئەوە لە خەیاڵیدایە کە سبەی چی لێبەسەر دێت، لە کۆمەڵگایەکی کەم تەرخەم و بێ سەرپەشتدا، کوڕانیش هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدەن، ئەویش لەڕێگەی کۆچکردنەوە، ڕەنگە ئەم دیاردەیە پەرە بستێنێت، مەترسی ئەوە دەکرێت کە دیاردەی بەد ڕەوشتی نایاسایی لێچاوەڕوان بکرێت، لەهەمانکاتدا گەر گەنج لەم وڵاتەدا فریاد ڕەسێکی نەبێت. لەبەر ئەوە ساڵ لەدوای ساڵ لەم سەردەمی جیهانگیریی و پێشکەوتنەدا کوردستان دەبێتە وڵاتێکی فەرامۆشکراو و بێشەر پەرشتار، پێدەچێت حکومەت چاوەڕیی ئەوە بکات ژیان خۆی بگۆڕێت، نەك خۆی هەوڵی گۆڕینی بدات. لەبەر ئەوە گەر ئێمە بمانەوێت بژین ئەوا بەچاوی خۆمان نایبینین، هەڵبەت ئەوەی خۆمان دەمانەوێ.

ڕەنگە ئەوەش بێت بەبیرماندا پیاوان بەدوای ئافرەتی دەوڵەمەندا بگەڕێن، بەڵکو ببێتە میراتگری سامانەکەی، هەروەها زۆربەی ئەو کەسانەی شوکردنی بەسەربەهەوێ ڕەت ناکەنەوە یا خۆیان داوەتە دەست قەدەر. لەبەر ئەوە گەل و گەنج چاوەڕێن خودا بەزەیی پێیاندا بێتەوەو دڵی حکومەتیان بۆ باش بکات، لەبەرامبەر ئەوەشدا قەرەبووی ئەو هەموو چارەنووسە بکەنەوە کە بەهەڵبژاردن چارەنووسی خۆیان گەیاند بەم ڕۆژە ڕەشە کە چاوەڕوانی خراپتریشی لێدەکرێت.

**هەوار ڕەوف**